# فێربوونی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی کردنی پارە لە سکۆتلەند

پرۆژەی زانستی دارایی

ئاپریلی 2011

FLP – Kurdish Sorani

scottish refugee council

HAPPY TO TRANSLATE

**پرۆژەی زانستی دارایی ئێمە**

دانیشتنەکانی زانیاریی بەخشین، کارگەکان و خولەکانی فێرکاریی بەخۆڕایی دەرفەتێ بۆ فێربوونی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی پارەی خۆتان، بەرنامە دارشتن و ئامادەکردنی خۆتان بۆ ژیانی داهاتوو و چارەسەرکردنی کێشەکانی پێوەندیدار بە پارە یان ریزبەندی حەسێبیەکان دابین دەکەن. ئەم بڵاڤۆکە ئەو بابەتانەی کە لە کارگەکانی خۆماندا لێکیان دەدەینەوە شرۆڤە دەکات و شێوازی بەشداریکردن و رزیرڤی شوێن لەواندا ئاماژە پێ دەکات. ئەم بڵاڤۆکە زانیاریی بەکەڵک سەبارەت بە هەرکام لە کارگەکان و شێوازی وەرگرتنی راوێژکاریی زۆرتر لە باری داراییەوە پێشکەش دەکات.

**ئەم کارگەیانە چ بابەتگەلێک لێکدەدەنەوە؟**

کارگەکانی ئێمە زانیاریەکانی پێوەندیدار بەو بابەتانەی خوارەوە پێشکەش دەکەن:

- کاروباری بانکی و پاشەکەوت،
- بەرنامەدارشتن بۆ دەخڵ و خەرج،
- قەرزکردنی پارە،
- پەراوەکانی ئیمکانات (ئاو، کارەبا...)،
- ئینشورانس،
- خەریک بوون بە کارەوە؛ و
- بەرێخستنی کەسب و کاری خۆ.

**چ کەسانێک دەبێت لە کارگەکاندا بەشداریی بکەن؟**

بەشداریکردن لە کارگەکاندا بۆ هەمووان ئازادە بەڵام ئەم کارگەیانە زۆرتر بۆ کەسانی ژێر بارودۆخی پەنابەریەتی یان خاوەن مۆڵەتی نیشتەجێ بوون لە بەریتانیا شیاون. کارگەکان بە شێوەی ئاسایی لە سەرانسەری ساڵدا و لە بارودۆخی جیاوازدا لە گلاسکۆ بەرێوە دەچن. تێچوونەکانی سەفەرکردن دەدرێن و خزمەتگوزاریی چاودێریی لە منداڵیش ئەگەر داوا بکرێن پێشکەش دەکرێن.

**چۆن دەتوانم زانیاریی زۆرتر دەستەبەر بکەم یان بۆ کارگەی دواتر شوێن رزیرڤ بکەم؟**

لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە کارگەکانی دواتر یان رزیرڤی شوێن، بۆ ناونیشانی financialworkshops@scottishrefugeecouncil.org.uk ئیمەیل بنێرن یان سەردانی ماڵپەرەکەی ئێمە بکەن:

http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/how_we_can_help/i_have_refugee_status/leave_to_remain_in_the_uk/financial_literacy_project

ئەو زانیاریانەی خوارەوە کورتەیەک لەو بابەتانەن کە لە کارگەکاندا باس دەکرێن. ئەم بەشە سفارشتەکان و زانیاریگەلێکی بەکەڵکیش لەبۆ بەڕێوەبەرایەتی پارەی خۆتان پێشکەشان دەکات.

**کاروباری بانکی و پاشەکەوت**

- حەسێبی بانکی زۆر جۆراوجۆر هەن و هەرکامیان بژاردە و توانستەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە. لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر کردنەوەی حەسێبێک، بڵاڤۆکی ئەنجومەنی پەنابەری سکۆتلەند لە ژێر ناوی **"شێوازی کردنەوەی حەسێبێکی بانکی"** چاولێکەن.
http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/assets/0000/0188/How_to_open_a_bank_account_June_2010.pdf
- حەسێبەکانی **Credit Union** بژاردەی جێگری حەسێبە بانکیەکانن. ئەم حەسێبانە کارێکی وەک بانکەکان دەکەن بەڵام زۆرتر خۆجێیین و جگە لە خزمەتگوزاریی ئاسایی لە باری داراییەوە، خزمەتگوزاریی راوێژکاریش پێشکەش دەکەن.
- **بەڕێوەبەرایەتی و بەدواداچوون:** کاتێک حەسێبێکی بانکی یان credit union دەکەنەوە، شتێ کە زۆر گرنگە بەدواداچوون و بەڕێوەبەرایەتی حەسێبی خۆتان و یان بە واتایەکی تر کۆنترۆڵی بڕە پارەی رژاوە حەسێب و هەڵگیراو لە حەسێبەکەتانە، تاکو لە تەواوبوونی هەبووی حەسێبی خۆتان و ئەگەری تێچوونە بانکیەکان بە هۆی چۆڵ بوونی حەسێبەکەتان، بەرگیری بکەن.

**قەرز کردنی پارە**

- لە شوێنگەلێکی جیاواز دەتوانن پارە قەرز بکەن. ئێوە دەتوانن پارەی پێویستی خۆتان بە شێوازی جۆراوجۆر وەک تەندەرەکان (وام)، کارتی برواداری، کاتالۆگەکان، دەست پێوەگرتنی پارەدانەکانی حەوتانە و زۆرتر لە برواداری حەواڵە کردن مسۆگەر بکەن. هەندێ جار ئەم کارە بۆ پارەدانی نرخی کەلوپەلەکان و هەندێ جار لەبۆ وەرگرتنی پارەی نەخت جێبەجێ دەکەن.
- تێچوونی قەرزکردنی پارە بەو شێوازانەی سەرەوە جیاوازە. کەواتە، تێگەیشتن لە رێساکان و مەرجەکانی پێوەندیدار بە هەر شێوازێک زۆر گرنگە.
- بە شێوەی ئاسایی پێویستە بۆ هەر پارەیەک کە قەرزی دەکەن، سوودیش (بەهرە) بدەن؛ ئەم سوودە، – APR **لەسەدی ساڵانەی نرخی سوودی (Annual Percentage Rate)** پێ دەگوترێت. بە شێوەی ئاسایی هەرچی APR زۆرتر بێت، رادەی پارەیەک کە دەبێت بیدەنەوە، زۆرتر دەبێت.
- ئێوە ناتوانن پارە قەرز بکەن، ئەگەر **پلەبەندی برواداری (credit rating)** لاوازتان هەبێت. پلەبەندی برواداری بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانایی ئێوە بۆ دانەوەی پارە بە خاوەن قەرز وەکو بانکە. ئەم پلەبەندیەی برواداری بە پشتبەستن بە فاکتەرگەلێکی جۆراوجۆر وەک پێشینە، بارودۆخی پیشە، داهات و پێشینەی پارەدانی قیستی ئێوە دیاری دەکرێت.
- رەنگە ئێوە شیاویەتی داواکاریی بۆ تەندەرەتان هەبێت. هەندێ لە تەندەرەکان کە رەنگە مەرجی وەرگرتنیانتان هەبێت، بریتین لە:
- **تەندەرەی UKBA بۆ داهاتنتان لەگەڵ ژیان لە بەریتانیا**

تەندەرەی داهاتنی UKBA تەندەرەیەکی بێ بەهرەیە کە وەزارەتی ناوخۆ لەبۆ یارمەتیدانی پەنابەرانی نوێ دەیدات. زانیاریی زۆرتر لەسەر ماڵپەری وەزارەتی ناوخۆ چاولێکەن:

http://www.ukba.homeoffice.gov.uk/aboutus/workingwithus/workingwithasylum/integration/integrationloan/ .

- **تەندەرەی هەلومەرجی قەیرانی (Crisis loan)**

تەندەرەی هەلومەرجی قەیرانی برە پارەیەکە کە بۆ یارمەتیدانی ئێوە لەبۆ کرینی پێویستیەکان و کەلوپەلی ماڵ لە هەلومەرجی فریاکەوتنیدا یان بەلا سروشتیەکان لەلایەن سندوقی یارمەتی کۆمەلایەتی (Social Fund) پێشکەش دەکرێت. **ئێوە دەبێت ئەم تەندەرەیە دواتر بدەنەوە، بەلام ئەمە تەندەرەیەکی بێ بەهرەیە.** ئەمە بەو واتایە کە ئێوە تەنیا هەر ئەو برە پارەیەی کە قەرزتان کردووە، دەدەنەوە نە زیاتر. زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە تەندەرەی هەلومەرجی قەیرانی بریتی لە ڕێساکانی شیاویەتی وەرگرتنی تەندەرە و شێوازی دانی ئەوە لەسەر ماڵپەڕی Directgov بە ناونیشانی خوارەوە چاولێکەن:

http://www.direct.gov.uk/en/MoneyTaxAndBenefits/BenefitsTaxCreditsAndOtherSupport/On_a_low_income/DG_10018856

**پەڕاوەکانی ئیمکانات (ئاو، کارەبا...)**

- ئەگەر بارودۆخی پەنابەریەتی یان مۆڵەتی نیشتەجێ بوون لە بەریتانیاتان وەرگرتووە، بەرپرسایەتی پارەدانی پەڕاوەکانی کارەبا و گاز بۆ چێشت لێنان، ڕووناکایی و گەرمادانی ماڵ بە ئەستۆی ئێوە دەبێت. ئەم پەڕاوانە ڕەنگە زۆر گران بن و ڕەنگە لە ماوەی ساڵێشدا جیاواز بن. کەواتە، ئێوە دەبێت ئەم تێچوونانەتان لە کۆنترۆڵدا بێت تاکو دڵنیا ببنەوە کە زۆرتر یان کەمتر لە ڕادە نادەن.
- ئێوە دەبێت لە ماڵی خۆتاندا کونتوریکتان (مەتەر) هەبێت و ڕۆژی چوونەناو ماڵەکە ڕەقەمی سەر کۆنتورەکان یاداشت بکەن و لە بۆ پەیوەندی کردن بە کۆمپانیای گاز/کارەبا لەم زانیاریانە کەڵک وەرگرن. بە یاداشت کردنی بەردەوامی ڕەقەمی سەر کۆنتورەکان دڵنیا دەبنەوە کە دەتوانن بەکارهێنانی خۆتان کۆنترۆڵ بکەن؛ بەمجۆرە چاکتر دەتوانن لە کەم و زۆر بوونی ڕەقەمەکانی سەر پەڕاوە تێبگەن. بە سەردانی ماڵپەڕی Consumer Focus Scotland دەتوانن زانیاریی زۆرتر لەسەر پەڕاوەکانی گاز و کارەبا دەستەبەر بکەن:

http://www.consumerfocus.org.uk/scotland/files/2010/11/Tenants-advice-leaflet2.pdf

- ئێوە دەتوانن تێچوونی وزەی خۆتان بە شێوازی جۆراوجۆر بدەن وەک پارەدانی پەڕاوە لە نووسینگەی خزمەتگوزاریی پۆستە، پارەدان بە بانک یان پارەدان بە حەواڵەی ڕاستەوخۆ (direct debit) لەو بابەتانەیدا کە ڕێگەدراون کە پارەیەک لە کاتێکی تایبەتدا لە حەسێبی بانکی خۆتان هەڵگرن. شتێ کە گرنگایەتی زۆری هەیە ئەوەیە کە ڕەقەمە نووسراوەکان لە پەڕاوەدا لەگەڵ ئەو ڕەقەمانەی سەر کۆنتورەکە کە یاداشتتان کردووە، بەراورد بکەن. ئەگەر ئەم کارە نەکەن، ڕەنگە بە ڕەحمەتی قەرزدار بن (تووشیاری قەرزی دواکەوتوو بن)
- دەتوانن زانیاریی زۆرتر لەسەر تێچوونەکانی وزە لە بلاڤۆکی ئەنجومەنی پەنابەریەتی سکۆتلەند لە ژێر ناوی **ڕێنوێنی ماڵداری بۆ پەنابەران لە سکۆتلەند: تێچوونەکانی وزە** کە لە ڕێگای ماڵپەڕی ئێمەوە لە بەردەستدان، چاولێکەن:

http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/assets/0000/0215/L8_-_fuel_poverty18__Nov_2009.pdf

**ئینشورانس**

- خزمەتگوزاریی ئینشورانسی (دڵنیایی) جۆراوجۆر وەک ئینشورانسی تەمەن، ئینشورانسی تەندروستی تاکەکەسی، ئینشورانسی کەلوپەلی ماڵ، ئینشورانسی پشتگیریی پارەدان و ئینشورانسی ئوتومبیل لە بەردەست دان.

- ئەگەر ئوتومبیل لێدەخورن، **پێویستە کە** لانیکەم خاوەن ئینشورانسی کەسی سێهەم بن بەڵام دیکەی جۆرەکانی ئینشورانسی ئوتومبیل دڵخوازن.
- رەنگە هەندێ جار مسۆگەرکاری نیشتەجێ کردن بتوانێت بۆ ئینشورانسی کەلوپەلی ماڵ بە نرخی کەمتر یارمەتیتان بدات. لێکدانەوەی ئەوەی کە لە قۆناخە جیاوازەکانی ژیاندا، کام جۆر ئینشورانس بۆ ئێوە و خێزانەکەتان شیاوە، گرنگایەتی زۆری هەیە.
- ئێوە دەتوانن بازنەی ئینشورانس راستەوخۆ لە کۆمپانیا تایبەتیەکانی ئینشورانس بە تەلەفۆنی یان ئینتەرنێتی بکڕن. هەروەها دەتوانن ئینشورانس نامەکان لە بانکەکان، سووپەرمارکێتە گەورەکان و دیکەی فرۆشگەکان بکڕن. ئێوە دەبێت بە چاکترین نرخ بکڕن و بۆ بەراوردی نرخەکان دەتوانن لە ماڵپەڕێکی بەراوردکاریی وەک http://www.gocompare.com/ کەڵک وەرگرن.

**خەریک بە کار بوون**

- کاتێ خەریک بە کار دەبن، ئەو یارمەتیانەی کە لە باری داراییەوە وەریاندەگرن، دەگۆڕدرێن. Job Centre Plus و دیکەی دامەزراوەکانی راوێژکاریی خۆجێیی لە باری داراییەوە دەتوانن **"حەسێب و کتێبی دارایی ئێوە چاکتر جێبەجێ بکەن"** و ئەو هەلەتان بۆ بڕەخسێنن کە بڕیاری وشیارانە بدەن لەسەر ئەوەی کە داخوا ئەگەر بە کارێکی تایبەتەوە خەریک بن، لە باری داراییەوە بارودۆخی چاکترتان دەبێت یان نا. هەروەها، ئەوان دەتوانن بۆ ئێوە شرۆڤەی بکەن کە چ جۆرە یارمەتیەکی دارایی دەتوانن وەرگرن. رووهێنان بە خوێندنی تەواو کاتیش کاریگەری دادەنێت لەسەر یارمەتیە وەرگیراوەکانی ئێوە لە باری داراییەوە. زانیاریی زۆرتر لەسەر یارمەتیەکانی پێوەندیدار بە دارایی لە ماڵپەڕی Directgov دا چاولێکەن:
  http://www.direct.gov.uk/en/Diol1/DoItOnline/DoItOnlineByCategory/DG_172666
- کاتێ دەست بەکارکردن دەکەن، دەبێت بەردەوام **پەراوەی مووچە** وەرگرن کە رادەی وەرگیراوی پەتی ئێوە پاش کەمکردنەوەی ئەو شتانەی کە دەبێت کەم بکرێنەوە لە داهاتی ناپەتیتان، پیشان دەدات. ئێوە بە شێوەی ئاسایی **باج لەسەر داهات و ئینشورانسی نیشتمانی/کۆمەڵایەتی** دەدەن؛ بڕە پارەیەک کە دەیدەن پێبەستەی فاکتەری جۆراوجۆرە وەک داهاتی ساڵانەی چاوەڕوانکراوی ئێوە و یان هەبوونی زۆرتر لە پیشەیەک. بە چاولێکردنی ئەو ڤیدیۆیەی خوارەوە لەسەر ماڵپەڕی BBC، زانیاریی زۆرتر لەسەر کەمکردنەوەکان و بەڕێوەبەرایەتی پارەی خۆتان دەستەبەر بکەن:
  http://www.bbc.co.uk/raw/money/new_job/managing_while_you_work.shtml

**بەڕێخستنی کەسب و کاری خۆ**

- ئەگەر حەزتان لە خاوەن پیشە بوون یان بەڕێخستنی کەسب و کاری خۆ هەبوو، رێکخراوەی جۆراوجۆر دەتوانن خزمەتگوزاریی راوێژکاریی بەخۆڕایی پێشکەش بکەن:
  - Business Gateway دەتوانێت راوێژکاریی سەرەتایی و زانیاریی و هەروەها پشتگیریی بەردەوام لەسەر کەسب و کاری ئێستاکە پێشکەشتان بکات.
    لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر سەردانی ماڵپەڕەکەیان بکەن: http://www.bgateway.com
  - هەروەها HMRC (Her Majesty's Revenue and Customs) (داهات و مووچەی پاشایەتی) لەبۆ پشتگیریی لە ئێوە بۆ حەسێبکردنی داهاتی باج لە بەردەست دایە.
    لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر سەردانی ماڵپەڕی HMRC بکەن: www.hmrc.gov.uk

**له کوێ دەتوانم راوێژکاریی زۆرتر له باری داراییەوە وەرگرم؟**

ئەگەر زانیاریی زۆرترتان پێویست بوو سەبارەت بە هەرکام لەم خولانەی فێرکاریی یان دیکەی بابەتە پێوەندیدارەکان، له رێگای ماڵپەڕی: Financialworkshops@scottishrefugeecouncil.org.uk یان پەیوەندی کردن بە ژمارە تەلەفۆنی 0141 248 9799 لەگەڵ یەکێک لە کارگێرانی ئەنجومەنی پەنابەریەتی سکۆتلەند قسە بکەن.

هەروەها راوێژکاریی بەخۆڕایی، نهێنی و بێ لایەنانە لە رێگای GAIN (Glasgow's Advice and Information Network) (رایەڵەی زانیاریی و راوێژکاریی گلاسکۆ) لە بەردەست دایە. لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە نوێنەرایەتی نزیک بە شوێنی ژیانی خۆتان سەردانی ماڵپەڕی GAIN بە ناونیشانی www.gain4u.org.uk بکەن یان بە تەلەفۆنی رێنوێنی ئەوان بە ژمارەی 0808 801 1011 پەیوەندی بکەن.